شاندەکی باڵای پارتی و یەکێتیی لە پیرمام کەبوونەوە

دوای کەبوونەوەی هەر دوو شاندی دانوستانکاری یەکێتیی و پارتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی لە پیرمام، هەردوو حیزب راگەیەندراوەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.

لە راگەیەندراوەکەدا کە ئەمە سەشەمە بلاوکراوە هاتووە: لە کەبوونەوەکەدا بارودۆخی ناوچەکە و ئەو گەڕانکاریانەی کە هاتوونەتە ئاراوە و کاریگەرییان لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان خراونە بەر باس، هەردوولا کەک بوون لەسەر تەبایی و هاوهەڵوێستی لە پارێزگاریکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە هەستیاردا.

ئەوەش خراوەتە ڕوو، تەوەرێکی کەبوونەوەکە باس لە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێویست بە سەرخستنی ئەو پرۆسەیە کرا، هەردوولا هاوڕا بوون کە بە زووترین کات لەسەر ئامادەکردنی بەرنامەیەکی هاوبەش بە ئەو بنەمایانەی کە حوکمڕانیی کوردستانیان بە قۆناغی ئایندە لەسەر بونیادچێت بکەن، بەشێوەیەك کە پارێزگاری لە پێگە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و ماف و بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان و سەرجەم پێکهاتەکانی بکات.